سەرۆکی هەرەمی کوردستان پەیامێکی بەبۆنەی سەری ساڵ بڵاوکردەوە

سەرۆکی هەرەمی کوردستان پەیامێکی بەبۆنەی سەری ساڵ بڵاوکردەوە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی رایدەگەیەنێت لە ساڵی 2023 "ناتەبایی و ناکۆکیی سیاسیی ناوخۆ، لەنگدانەوەی خراپی بەسەر توانا و پێگەی کوردستانەوە لە عێراق و دەرەوە هەبوو. بووە هۆی ئەوەی هەرەمی کوردستان نەتوانێت وەك پێویست ماف و شایستە دەستوورییەکانی بەدەستبهێنێت."

دڵقی پەیامی نێچیرڤان بارزانی لە ساڵی تازەی زایینیدا:

ساڵی تازەی زایینی (٢٠٢٤) لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان، هێزەکانی ناوخۆ و تەواوی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە هەر کوێ بن، لە گەڵانی عێراق و جیهان بەگشتی پیرۆز دەکەم. هیوای ساڵێکی پڕ لە ئارامی و خۆشی و سەرکەوتن بە هەمووان دەخوازم.

بەهۆی لێکەوتەکانی دۆخی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و کێشە و قەیرانەکانەوە لە ناوچەکە و

عێراق و هەرێمی کوردستان، ساڵێکی سەختمان بەڕێکرد کە تیایدا ڕووبەڕووی چەندین مەترسی و ئاڵنگاری بووینەوە.

ناتەبایی و ناکۆکیی سیاسیی ناوخۆ، لەنگدانەوەی خراپی بەسەر توانا و پێگەی کوردستانەوە لە عێراق و دەرەوە هەبوو. بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەتوانێت وەك پێویست ماف و شایستە دەستوورییەکانی بەدەست بهێنێت. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا خرا، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا لە ناوچەکانی مادەی (140) کاریگەرییە خراپەکانی، دیار بوون.

پێچەوانەی ڕێککەوتنە سیاسییەکان و دەستوور، وێڕای هەموو گفتوگۆ و هەوڵ و پابەندییەك، زۆرك لە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق فەراهەم نەبوون. چەندین جار بە هۆرش و پەلاماری درێنی، هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان کرا.

جبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە سیاسییەکان و نەناردنی شایستە و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە زیان هیچ سوودێکی دیکە بە عێراق ناگەیەنێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێ هەمووان بە گیانی بەرپرسیاریەتیی هاوبەش، بە یەکترقبووڵکردن و تەبایی، بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن، کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان بکەین.

با لە ساڵی تازەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەند و وانە لە ڕابردوو وەرگرین و پێکەوە بەرەو داهاتوویەکی باشتر و سەقامگیر و ئاسوودە هەنگاو بنێین. با قەیران و ئاڵنگارییەکان بکەینە دەرفەت و بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان، ئامانج و کێکەرەوەی هەمووان بێت. عێراق بە پێکهاتەکانییەوە بەهێز و دەوڵەمەندە و تەنیا بە تەبایی و پێکەوەیی، هەمووان براوەن.

لەم بنەیەدا دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وێاتانی دراوسێ و ناوچەکە و جیهاندا، لەسەر بنەمای ڕێزلێگرتن و بەرژەوەندیی هاوبەش، برەو بە پەیوەندییەکانی دەدات. وەك هەمیشە بە فاکتەری ئارامی و سەقامگیری و بە هاوبەشێکی کارای کێمەگەی نێودەوڵەتی و زێدی فرەیی و پێکەوەژیان دەمێنێتەوە.

بە هیوا و ئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانین و ساڵی نوێ لە هەمووان پیرۆز بێت.